بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر إن الإنسان لفي خسر إلا الذي آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر)، الصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه وسلم، والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

له بیدایەت دوعاو تەمەننای قبول بوونی هەموو نەوعی طاعات و عیبادەت، ئی مانگی ڕەمەزان و پاشی مانگی ڕەمەزان، طەڵەب دەکەم لە باری تەعالا لەبۆ جموعی موئمینینی سەر کوڕەی ئەرز، وە خودا کە مانگی شەووالی دەست پێ دەکا بە سێ ڕۆژی چەژن وەمان لێ بکا بە واسطەی قبوڵی طاعات وعیبادەتمان ساڵمان هەمووی چەژن بی، جێژنەی ئینسانی موئمین ئەو ڕۆژەیە کە رب العالمین بیطاقەی ریضوانی بە نسیب دەکا، (فمن زحزح عن النار وأدخل الجنة فقد فاز) (آل عمران ١٨٥)، ئائەوە جێژنەی ئینسانی موئمینە إن شاءالله، خودا ئەو نەوعە جێژنەیەمان بە نسیب بکا بە تەوفیق و تەڕشیدی خۆی إن شاءالله تعالی.

ئیدامە بە دەرسەکانمان دەدەین لە خزمەت ڕەسولی ئەکرەم حەزرەتی محمد (صلی الله علیه وسلم)، لەو لەقەطاطە خۆشانە بووین کە کو حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) ئیستیقبال کرا لە مەدینە، مەراسیمی ئیستیقبال و تەڕحیب و لیقائی جموعی موئمینین لەگەری، پاشان هەستانی جەنابی بە ئەدائی مەراسیمی ئوخووەت لە بەینی لاجئینی ئیمانی ئەویش جەمعی موهاجرین بوون لە بەینی خۆیان، جموعی ئەنصاڕیش لە بەینی خۆیان، پاشان دروستکردنی ئوخووەت لە بەینی موهاجرین و ئەنصاڕ، بە تەفصیل بەحسی ئەوانەمان کرد.

کە رب العالمین لەسەر ئەو قاعیدە ئیمانییەی کە خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) تانیبووی دروستی بکا لە قەلبی ئەو جەمعە صەحابەیە، لەسەر ئەو بینایەی لەسەر ئەو زەمینەیە شتی زۆری لەسەر دروست کرا، هەر لە ڕۆژی یەکەم مەفهومی ئوخووەت دروستکردن، کە پێشتریش بەحسمان کردییە و تەئکیدمان لەسەر کردییە، هەموو تەکلیفاتی ڕەببانی لە قورئان لە سوڕەتی فاتیحەوە هەتا: (قل أعوذ برب الناس) هەمووی بەدء کرایە بە: (یا أیها الذین آمنوا)، أي یاأیها الذین آمنوا، ئەوە بکەن ئەوەش مەکەن، ئەگەر ئەو حالەتە ئیمانییە لە داخیلی جموع دروست نەبووبی رب العالمین چی پێ طەلەب نەکردینە وە چشی لێ نەهی نەکردینە، دیارە حالەتی ئیمانی جەمعی صەحابەی کیرام گەیشتتە ئەو مستەوایەی رب العالمین ئیعتیمادی لەسەر بکا مەفهومی ئوخووەت بینتەجێ، کە دەفەرمی: (إنما المؤمنون إخوة) (الحجرات١٠) ئەگەر ئەو ئیمانە لەو مستەوایە نەبووبی خودا طەڵەبی ئەو ئوخووەتەی لێ نەکردینە، ئەوجە ئەو ئینسانە نازدارانە کو ئەو حالەتەیان تەحویل کردتە واقیع کە ئەمرەکی ڕەببانییە.

بەحسی ئەوەمان کرد سەعد بن ڕەبیع لەگەر عبدالرحمن کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) قائیمەی دروست کرد لەسەر بینای ئەو جموعانە لەبۆ مەفهومی ئوخووەت، وە تەرتیبی قەوائیمەکان کرا، وفقی ئەولەویاتی طەبائیعی بەشەری وە حالاتی ئیجتیماعی وە بوعدی فیکری و ثەقافی و ئیمانیشیان، نەفەرەك لە موهاجر نەفەرەك لە ئەنصاڕ کوفئبی لەگەر یەکتری، بەحسی ئەوەمان کرد کە ئەو کوفیئیەتەش لەبۆ ئیدامەی حەیاتی ئوخووەتە کە مەبنا بووە لەسەر ئیمان.

ئەوڕۆ زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەو حالەتەی، صیاغەی ئەو ئوخووەتە ئەو برایەتییە، وەکو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کردییە مەبدەئەك، عیلاقەی جموعی بەشەری موئمین بە واسطەی ئائەو ئیمانە دروست بکرێ وە پاشان ڕەگ دابوکتی لە داخیلی خۆی، تەعمیق ببی، حەفر ببی، لۆوەی ثەمەرات دروست کا.

گوتمان لە ماڵی أنس إبن مالك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) موئتەمەرەکی گچکەی کرد، نۆهەد صەحابی لە ئەنصاڕ و موهاجرین مەوجود بوون، ئەو نۆهەد صەحابییە قائیمەی کوللی جموعی موهاجرینی تەقنین کرد، قانونی لەبۆ دانا لەناو قائیمەکە، وە لە موئتەمەری عامی ناو مەسجدی نەبەوی ئیعلان کرا، هەموو باوەشیان بەیەك کرد، ئیستیعدادی داخیلی خۆیان کەشف کرد کە فیعلەن رب العالمین لەو مستەوایەی دیتینە کە ئەو جەمعە فیعلەن بە موئمین ئیعتیبار بکرێن و مەفهومی ئوخووەتیش بیننە وجود، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە ناو موئتەمەرە عاممەکەی ناو مزگەفتی خۆی قانونەکانی یەك بە یەك لەبۆ خیندن، وە خۆی بووە موهەیمین و موقیم لەسەر صیاغەی تەحویلی ئەو قانونانە لەبۆ واقیع، کە رب العالمین خۆی سەمیع و بەصیرە لە سەریان، ڕەقیبە لەسەر صیغەی ئەدائی ئەو قانونە لە بەینی خۆیان ئەو جموعە موئمینە.

لەبەر زۆر ئەسباب ئەو قانونانە دانرا، یەك بەیەك ئێستا إن شاءالله ئەوەی پێمان بکرێ لە خزمەتتان قیچ قیچ تیشکی دەخەینە سەر ئەوەی پێویست بی، لەوەی ئەوجە کەشف دەبی فیعلەن ئەو جەمعە لە چ مستەوایەك دابووینە کە فەرمویەتی پاشی(بسم الله الرحمن الرحیم) یەکەمین بەند:

(ان المؤمنون أمه واحدة من دون الناس جمیعا)، جەمعی موئمینین ئەو جموعە ئەنصاڕ و موهاجرینانە کە ئەنصاڕ لە بەینی خۆیان بوونە برا، موهاجریش لە بەینی خۆیان بوونە برا، کرانە برا، پاشانیش ئەو دوو فیئەیە بوونە برا لە بەینی یەك مەرحەلەی سێیەم.

ئەوانە هەموویان ئەو کوتلەیە کوتلە بەشەرییە جەمعە ئیمانییە ئومەتەکن، فیئەکن، طائیفەکن، جودانە لە هەموو بەشەری ئەو زەمانی کە مەوجود بووینە، لۆ؟ لە بیرتانە بەحسی ئەوەمان کرد عیلاقاتی بەشەری لەناو جەزیرەی عەرەبی زۆر پەیوەست و پەیوەندی غەیری بەشەرییەت و ئینسانییەتی ئینسان تەحەکومی لەسەر کردبوو، لەوانە مەثەلەن قەبەلییەت، عەشائیرییەت، عوڕف، مەصالیح،

مەصلحەتی ماددی دونیەوی، ئەوانە هەموو پەیوەست بوو عەرەب ڕەبطی یەك ببن، لۆیێ ئەگەر بهاتبا خزمەکی خۆی لەگەر کابرایەکی غەریبی غەیری عەشیرەتی خۆی گەورەترین زوڵم ببایە، خزمەکەی لە کابرای غەیر بکردبایە دەچوو لە پەنای خزمەکەی خۆی ڕادەوەستا، قال رسول الله (صلی الله علیه وسلم) « انصر أخاك ظالما أو مظلوما » (البخاري) لەسەر ئەو قاعیدەیە، لەبۆ پەنا چوونی یەکتری، لەبۆ هەر ئیدامەی ظولم و مەظالم، مەفاهیمی بەشەری و ئینسانی موتەدەننی خۆیان موسەیطر بوو، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەو حالەتە ئیمانییەی کە لەناو ئەو جوموعە مەوجود بووە، خۆیان لە داخیلی خۆیان ئیجاد کردییە و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) موعین بووە لەگەریان، ئائەوە هەرچی عیلاقاتی عەشائیری و عیلاقاتی قەبەلی و ئیجتیماعی هەیە غەیری ئیمانی هەمووی قەطع کا.

صەحابییەك ئەنصاڕی کوڕی یەك عائیلەیە لە یەك داك و بابی ئەمما برایەکەی موشریکە لە ئێستاوە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) برایەتی ئەو صەحابییەی لەگەر برا موشریکەکەی قەطع دەکا، بەدیلی لەبۆ دادەنێ، کێیە؟ نەفەرەك موئمینەك لە مەککەی هیجرەتی کردییە، عیلمەن ئەو صەحابییە موحتەمەلە هەر نەشیناسیبی، ناویشی گێ لێ نەبووبی، لۆ؟ چونکی تەکوینی بەشەری، ئینسانی ئائەو ئەنصاڕییەی بە واسطەی ئیمانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەسفی کرد، هەمووی تێکدا، بە نەفسی کەرپوچەکانی قەدیم بینایەکی تازەی لە داخیلی دروست کرد، طەبیعەتی بەشەری ئەو ئەنصاڕەی ئێستا کوشەن موختەلیفە بەس ناو و شکلی وەکی جاران مایە، ئینسانەکی تازەیە، نموذەجەکی تازەیە پێغەمبەر لێی دروست کردییە بە هەموو مەفاهیم ئەو صەحابییە ئەنصاڕییە لەگەر برایەکەی قەدیمی خۆیتی برای دایك و بابییە موختەلیفن، تێك ناکا طەبائیعیان، باشە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبی بەدیلی لەبۆ دابنێ؟ کە بەدیلی لەبۆ دانا ئائەو صەحابەیەی کە لە مەککەی ڕا هیجرەتی کردبوو ئەوی کردە برای.

وەکو بەحسمان کرد لە مەفاهیمی ماددی و مەعنەوی، مەثەلەن کابرای صەحابی ئەنصاڕی چەند ماری هەبووبی هەمووی تەقسیم دووی دەکرد بە ئەمری خوای، دوو غوڕفەی هەبووبایە دەبا غوڕفەکی لەبۆ برایە موهاجیرەکەی تەخصیص کا، هەتا گەیشتە ئەو حەددەی رب العالمین لەقەطاطی لێ وەرگرتینە بە تەصویر لەبۆ مەی گێرایە کە فەرمویەتی: (ویؤثرون علی أنفسهم ولو کان بهم خصاصة) (الحشر٩) کە ئەو صەحابییە ئیمانییەن لەسەر خۆی فەرز کرد ئەگەر یەك کەرتە ئەستورك نانی هەبی بیکاتە دوو کەرت دوو بەش، بەشەك لەبۆ برایەکەی ئیمانی بەشەك لۆ خۆی، ئەو هەردەستا کەرتەکەی خۆشی دەکردە دوو تەقسیم، لەویش بەشەکی دەدا برا موهاجیرەکەی، هەر روبعەکی لەبۆ خۆی دەهێشتەوە، رب العالمین ئەوەی لەسەر واجب نەکردبوون ئەمما عومقی

ئیمانی، بەرزی ئەو ئیمانەی گەیشتبووە ئەو حەددەی فیعلەن ئائەو ئەنصارییە ئەوها تەضحییە بە مادده بدا ئەگەر لەسەر حیسابی خۆشی بی.
بەحسی ئەوەمان کرد سەعد ڕەحمەتی خوای لێ بی دوو ژنی هەبوو، بە برای دینی خۆی گوت: دوو ژنم هەیە موستەعیدم لە یەکیان تەنازول کەم، وە فیعلەن بردییە ماڵێ وە هۆردووکی بانگ کرد، کیهانت ئەقل دەگری ئێستا تەئشیر بکە طەلاقی دەدەم، پاشی عیددەی دەرچوونی مارەی بکە و ببتە خێزانت، ئیمان ئیمانی حەقیقی، ئیمانی قورئانی صەحیح، ئەو حالەتەی لەو جموعە دروست کرد.
ئیذەن فیعلەن ئائەوانە ئوممەتن، نابی کابرای موشریکی عارەق خۆری پیاو کوژ موجریم ببتە برای ئائەو ئەنصارییەی کە فیعلەن دایك و بابەکیان هەیە، ئیذەن لێرە مەبدەء، دین، ئیمان پەیوەستە نەك عیلاقاتی ئیجتیماعی، ئەگەر هاتوو عیلاقاتی ئیجتیماعیش بوو پاشی ئیمانەکەی ڕابیطە، قەرابەتەکە بەقوەتتر دەبی، پەیوەستەکە توندتر دەبی، ئەمما ئەگەر هاتوو بەس ئەو رابیطە بی قورئان و ئیمان ئیعتیراف بەو پەیوەستە ئیجتیماعییەی ناکا، لۆیێ هەتا صەحابەکە بشمردبا موهاجیرەکە میراتەکەی لەبۆ برای خۆی دەماوە، ئەنصارییەکە بمردبا میرات لەبۆ موهاجیرەکەی دەماوە، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەختی خۆی تەوقیعی لەسەر برایەتیان کردییە، نەك ئەموالەکەی بە میرات بمینێ لەبۆ ئائەو کابرا موشریکەی کە وەختی خۆی لەگەری بووە، (إن الموئمینین أمة من دون الناس)، بەندی یەکەم بوو ئەوە.

دووەم: (المهاجرون من قریش علی ربعتهم یتعاقلون فیما بینهم) نەفسی شت ئەنصاریش: (وکل طائفة منهم تفتي عانیها بالمعروف والقسط بین المؤمنین)، قورەیش ئائەوانەی هیجرەتیان کردییە، ئەوانە هەمووی قورەیشی بوون، ماڵیان، ئەموالیان، ئەعراضیان، شەرەف و ناموسیان، منداڵیان هەموو لە مەککەی بەجێ هێشت، لۆ؟ چونکی ئەمری ئیمانی لەسەریان بوو کە بەجێی بێلن، دەولەتی ئیمان دروست بووە، دەولەتی ئیمان موحتاجی بە هەموو کادیرەك هەیە، بە هەموو ئیمکانییەتەکی بەشەری هەیە، ئیمانی، هەر لە کەناسەوە بە هەموو کەفائەت و ئیمکانیات هەتا گەورەترین مەرتەبەی ماهییەتی بەشەری و تەخەصوصاتی بەشەری، ئەوانە هەموو لەسەریان فەرز بوو، نەقل بن لە مەککەی لەبۆ مەدینەی، لەبۆ تەزویدی دەولەت، تێرکردنی دەولەت بەو کەفائەتانەی کە فیعلەن دەولەتی لێ پێکدێ.
لۆیێ هەر هیجرەت کردنی جوغرافی لە مەککەوە لۆ مەدینە بە سێ مەراحیلدا چووە، مەرحەلەی ئەخیری کە ئەمر دێت دەفەرمووی: (إن الذین توفاهم الملآئکة ظالمي أنفسهم قالوا فیم کنتم قالوا کنا مستضعفین في الأرض قالوا ألم تکن أرض الله واسعة فتهاجروا فیها) (النساء٩٧)، (ظالمي أنفسهم)

لە قورئان بە کافر هاتییە، یەعنی ئەوەی هیجرەتی نەکرد پاشان لەوێ مرد یان لە غەزوەی بەدر بە زۆر راکێشرا لەبۆ غەزوە، کوژرا لەوێ، بە کافر مردییە، بەس موجەڕڕەد ئینتیقال نەبوون، نەقل نەبوون لە مەککەی لەبۆ مەدینەی لەبۆ تەوضیفی ئیمکانیات و طاقاتی خۆیان، تەزوید و طاقاتیان لەبۆ دەولەی ئیمانی هەر ئەوەندەیان نەکردییە، عیلمەن نوێژیان کردییە، رۆژییان گرتییە، هەرچی مەعروفە هینایتیان، کردیتیان، حەلالیان بە حەلال زانییە، بەس ئەوەندەیان نەکرد رب العالمین بە کافری حساب کردن، لۆ؟ دیارە ئیمانەکە نەگەیشتیتە ئەو مستەوایەی خودا و پێغەمبەریان زیاتر خۆش بوێ لە ماڵ و منداڵ و خزم و ناسیار و ئەقاریب و موتەعەللیقاتی بەشەری، لۆیێ دەبی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەدیلیان لەبۆ ببینتەوە، بەدیلەکەش چییە؟ جموعی ئەنصار.

جموعی ئەنصار ئیذەن کەفیلن لە حەیاتیان وە لە مەماتیان لە هەموو ئەبعادیان، هەتا ئەگەر موشکیلەکی گچکەش دروست بوو لە بەینی جەماعەتی قورەیش، بە قورەیش هەموویان حەل نەکرا دەبی ئەنصارییەکان بێن حەلی کەن، ئیذەن ئەنصارییەکان وەلینە لەبۆ جموعی موهاجرین، هەر خەفیفیەك، موشکیلەکی گچکە هەتا گەورەش لەناو جموعی موهاجرین دروست ببی دەبی فیعلەن ئەنصار تەدەخول بکا کوڵشن نەك نەفەرەك ئەوەی بوویتە برای ئەویتکە لە ئەنصار و موهاجرین، ئینەمما هەمووی کوڵشن پێکەوە ئائەو ڕابیطەیە دروست دەکەن، باشە ئائەو حالەتە کە کرا نابی صیفەك طاغی بی لەسەر صەحیحییەتی تەطبیق؟ بەرێ ئەوانە هەمووی جموعی موئمینن ئەمما دەبی میزانەکیتکەش هەبی ئائەو دونیەوییە ضرورییە ئینسانییە، بەشەرییە، بتانی فیعلەن لەو مستەوایە تەحویل بکا لەبۆ وانیش ڕەقیبی دروست کرد.

لە بەندی سێیەم دەفەرمووی: (وإن المؤمنین المتقین علی من بغی علیهم)، ئیذەن وەستا و ڕەقیب لە سەر ئەو فیئە جموعی موتتەقینن، کەلیمەی موتتەقین ئەوەنییە بەس نوێژ و رۆژییەکەی کردبی، یاخود بە رۆژی بووبی زیاتر یا صەدەقاتی خێری کردبی، موتەقی لە قورئان بەوەی گوترایە فیعلەن هەرچی مەواهیبی هەبووبی کەشفی کردبی، حوسنی ئیستیفادەی قصوای کردبی لە ئەثنای تەحویلی لەبۆ واقیع، ئائەوە تەقوایە، عیلاقەی لەگەر (رب العالمین)ی، عیلاقەی عەمودی لەگەر (رب العالمین)ی بینائەکی مەحکەمە، کە ئەوەی تەحویل کردییە لەبۆ داخیلی خۆی رب العالمین مەواهیبەکانی کەشف کردییە، کابرا مەثەلەن موتەمەکینە لە عەقل، لە جوزئەکی ئەو عەقلەش موتەمەکینە لە تەخطیط تەخطیط دانان، لە ئەثنای تەخطیط دانان ئەو موخەطیطە صەحابییە موهەیمن و ڕەقیبە لەسەر عەناصرەکانیتکە کە دونی خۆیانە، دونی ئەو صەحابییەنە لە ئەثنای تەفکیر و تەخطیطی، ئەو جەمعە صەحابییە کە دونی وینە لەو مەوهیبەیەی کە دێن ئەدای واجبی تەخطیطی خۆیان دەکەن موحتەمەلە تەقصیریان هەبی، ئەو مەسئولە لە ئەثنای تەحویلی موخەطەطاتی ڕەببانی

که پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دایناپە لەبۆیان، لەبۆ واقیعی ئەو لەسەریان موهەیمنە و مەسئولە، ئیذەن لێرە ئائەو تەقوایە موتتەقییە ڕەقیبە لەسەر ئەو جموعانە، ئەویتکە لە فلان صیفەت، صەحابیتکە لەسەر صیفاتیتکە، لۆوەی فیعلەن ئوممەکە دروست بکەن، هەریەکە لە تەخصیص و ئیمکانییەت و کەفائەتی خۆی ئائەو ئوممەتە دروست دەبی کە فیعلەن بتانن قەیومییەتی ریسالەت ئەدا بکەن هەتا ڕۆژی قیامەت.

پێنجەم: (وان أيديهم عليه جميعا ولو كان ولد أحدهم... هەتا ئاخری)، یەعنی ئەوە هەمووی ئیرادەی داخیل کە ئیمانە، بە واسطەی عەقل تەحویل بوو لەبۆ واقیع، واقیعەکە تەنەوعاتی تێدا هەیە بەس جارێ ئی خۆیان نییە، ئیحتیماله لە موستەقبەلی قەریب دوژمنیان پەیا ببی، باشە کە دوژمن بوو مەوقفیان بەرامبەر وی چ دەبی؟ دەبی هەموو یەك دەست بن، ئیذەن ئیمانەکە کە لە داخیلە تەوحیدی نەك بەس شعور و تەطەلوعاتی بەشەری موستەقبەلی لەبۆ بیناء و حەضارەت، ئیننەما لەبۆ ڕەدی عودوانیش هەموو دەبی یەك دەست بن، لۆ؟ چونکی یەك مونطەلەقە ئەوجە لێرە تەخصیصیشی کردییە دەرێ: ئەگەر هاتوو دوژمنەکە کوڕیانیش بی.

ئەنصارێ هەبوو صەحابی بوو کوڕەکەی کافر بوو، موهاجر هەبوو صەحابی بوو کوڕەکەی کافر بوو وەکو ئەبوبەکر، عبدالرحمانی کوڕی کافر بوو، لە ئەواخیری سەنەواتی ڕیساله موسڵمان بوو هات، لە غەزوەی بەدر بەرامبەر ئەبوبەکر ڕاوەستا، کافر بوو، باشە ئەگەر عبدالرحمن کە کافرە لە گەر ئەبوبەکر ئەگەر هات ئەبوبەکر تەقیمی ئیمانی پێنەبوو سبەی دوو سبەی خوا نەکا عبدالرحمن هاتە بەرامبەری لە غەزوەی بەدر دەبی نەیکوژی عیلمەن دوژمنیشە، لێرە قەضیەی ئیمانی، دافعی ئیمانی وەی لێدەکا فیعلەن ئەو حالەتە تەطبیق بکا لەسەر کوڕی خۆشی، لۆیێ قەدەرەن پاشی موسڵمان بوونی بە فەترەك لە مەجلیسەك ئەوها دادەنیشن کوڕ و باب، غەزوەی بەدر بەحس دەکرێ لە بەینیان وەکو ذیکرەیات، هەر صەحابییەك بەحسی خەطەواتی خۆی دەکا، (بدریین)، (عبدالرحمن)یش دەرێ بابە لە فکرتە لە غەزوەی بەدر کەتینە بەرامبەریەك، ئەمن لەبەر ڕووەی ئەتو بابی منی نەمکوشتی، فەضلی لەسەر دەکا، منەتی لەسەر دەکا، ئەمما ئەبوبەکر رضی الله عنه جوابی داوە فەرموی: والله هەڵنەهاتبای دەمکوشتی، ئیمان، ئەوجە ئائەو تەقوایە لێرە حەقیقەتی ئیمانەکەی کەشف دەکا، والله بمابای لەبەرامبەرم دەمکوشتی، ئەمما دیارە رب العالمین لە طائیفی لەگەر (عبدالرحمن)یش هەبووە، حەتمەن زانیتی ڕۆژەك دێ عبدالرحمن موسڵمان دەبی لۆیێ کوشتنی (عبدالرحمن)ی بەجێ هێشتییە، لۆوەی بێتە ناو دائیرەی ئیمان، ببتە موئمین، لەگەر بابی شان بەشانی دەعوەی ئیمانییات تەقدیم بکەن لەبۆ بەشەرییەت.

بەو نەوعەی شازدە بەند هەیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر جموعی موئمینینی فەرض کرد، ئەوە هەمووی مەبادیئی مەعنەوی وە ماددی هەتا ئیقتیصادیاتیش.

مەثەلەن (أنكم أمة دون الامم)، یەکسەر ئەمری کرد کە چووە مەدینە کاسبی و تیجارەتتان لە کێندەرێیە؟ گوتیان ئەوە بازاڕەکی یەهود هەیە، ئەو بازاڕی گەورەمانە، فەرمووی یەکسەر بازاڕەکی دروست کەن ئەمە و یەهود یەك ئومەت نینە، ئیذەن ئیقتیصادییەن جموعی موئمینین پێکەوە تەعامولی تیجاری دەکەن، قازانج و مەنفەعەتی موتەبادیل لەبۆ یەك بی، دەبی لەبۆ یەك بی، لۆ غەیر دەرنەچی، چونکی ئائەوە عیلاقەی ئیمانی، پەیوەستی ئیمانی نەوعە بەرەکەتی موعەییەن دروست دەکا لە ماددەی جموعی موئمینین، ئەو بەرەکەتە لەناو جەمعی موئمینین صەرف بکرێ باشە نەك بچتە ناو صفوفی جەهەلە و کەفەرە، مەحق دەبی، ئیفناء دەبی بەرەکەتەکە، ئەمما ئەگەر هاتوو لەناو جموعی صەحابە ئیش کرا ئەو وەختی فیعلەن بەرەکەتەکە بیناء دەبی و زیاد دەکرێ، نمو دەکا، لۆیێ هەتا ئیقتصادیاتیشیان هەر بەو نەوعەی بوو.

بەندەك لەو بنودانە دەفەرمووی: (لا يحل لمؤمن ان ينصر محدثا و لا يؤيه)، یەعنی ئەگەر هاتوو ڕۆژەك لە ڕۆژان ئەنصارییەك لەناو مەدینە برایەکی دایك و بابی گێچەرەکی کرد بە صەحابییەکی موهاجری، هەرات، کێوە؟ پەنای هینا مارە برای خۆی لە دایك و بابی، جائیز نییە لەسەر ئەو ئەنصارییەی حیمایەی ئائەو برایەی خۆی بکات، ئیننەما دەبی لەسەر شانی بیگری، تەسلیمی رسول الله (صلى الله عليه وسلم) بکات لۆوەی قصاصی لێ دەربینی، ئەگەر زانی جێی لە کێندەرێیە دەبی ئیعلانی پێغەمبەر بکا (صلى الله عليه وسلم)، ئائەوە ئیمان دروستی دەکا و بەس، موسڵمان بوون ئەوە دروست ناکات ئیمان ئەوەی دروست دەکا، لۆیەش رب العالمین ئەو هەموو ئومورانەی ڕەبط کردییە بە ئیمان، لە هەموو قورئان بەو نەوعەیە هەر لە بیدایەت دیسان هەتا نیهایەت ئەو هەموو مەطالیبە نەوعیانە مەربوطە بە ئیمان، بە ذاتی ئیمان، ئەوە جموعی موئمینین.

ئەمما وەکو دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد، پیغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە ئەو عەقلە ڕەبانییەی درایتێ وە رب العالمین ئیدارە و ئیدامەی ئیشەکانی دەکا لەحظە بە لەحظە دەبی حەتمەن دیراسەی کوللی ناو مەدینەشی کردبی، کو دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد صحییەن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دیراسەی مەدینەی کردییە، چونکی گۆتمان بەنی قەینوقاع حەفت سەد و قسور، بەنی قورەیظە شەش سەد و قسور، بەنی نەظیر پێنج سەد و قسور نەفەر بوو، جولی صەحابەی ئەنصاری لە سێ هەزار هەتا پێنج هەزار نەفەر بوون، باشە ئەو جەمعە موهاجیرانە کە دەگەنە ناو مەدینە، ئەو عەددە هائیلە سی هەزار نەفەر لە مەککە نەقل دەبی لەبۆ ناو مەدینە، مەککە و ئەطرافی مەککە، وەکو بەحسمان کرد صحییەن کو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تانیتی سەیطەرە لەسەر ئەو

حالەتەی بکا؟ نەخۆشیان نابی؟! گوتمان لەبەر ئەوەی عەقلەکە ڕەببانییە یەکسەر مەجموعە صەحابەی تەخصیص کرد، ئەنگۆ برۆن لە کولیە طوببی ڕۆم تەخصص بینن لە طەبابە.

بەحسی ئەوەمان کرد لەبەر وەی عەقلی پێغەمبەری (صلی الله علیە وسلم) عەقلەکی ڕەبانییە حیسابی ئەوەی بکە ئەو جموعەی ناو مەدینەی عەدەدیان هەر ئەوەندە نییە، ئیذەن ئەو کەممە ئۆکسجینە کە وەردەگیرێ نەفسی ئەو کەممەیە کە قدیمەن هەیە؟ موحتەمەلە تەلەوثی بیئە دروست ببی بە واسطەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و نایترۆجین و ئەو شتانە، باشە کو پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) عیلاجی ئەو موشکیلەیەی دەکا؟ ئەها گوتمان هەرچی مەجاری هەبوو لەناو مەدینەی ئەمری ڕەببانی دەرکرد دەبی ئەوانە هەمووی غەلق بکرێ، هەرچی بوحەیراتی گچکە هەبوو ئی ئاوی پیس و ئاوی باران هەمووی هیشك بکرێ، پاشی وەش کە ئەو عاردە دەبیتە عاردی زراعی دار خورمای لێ بچیندرێ، داریتکەی لێ بچیندرێ، لۆ؟ چونکی دار نەبات بە ڕۆژ ئۆکسجین دەردەکا دووەم ئۆکسیدی کاربۆن وەردەگری، ئیذەن تەوازونەك دروست دەکا لە ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، با هەر صەحابی عەدەدیان زیاد ببی، بە ڕۆژ ئۆکسجین وەردەگرن، ئائەو نەباتە کە رب العالین ئەو سیفەتەی دایتێ ئۆکسجینیان لۆ دروست دەکا، ئیذەن پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) مەعامیلی ئۆکسجینی دروست کرد لەناو مەدینە، لۆوەی فیعلەن تەلەوثی غازی دروست نەبی، بالذات خورماشی ئەمر کرد بچێنرێ زیاتر.

هەتا بەحسمان کرد سەلمان صەحابی بوو موکاتەبەی ویست لە صاحێبی خۆی دەرچی، لە بن دەستی صاحێبی عەبد بوو، ببتە حوڕ، ئەو وەختی فەرزی کرد پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لەسەر ئائەو نەفەرانەی کە فیعلەن فیدیەیان لەسەر هەیە یاخود موکاتەبەیان لەسەر هەیە دار بچینن، نەیگوت بابێن حەیوان سەر ببڕن فەقیر و فوقەڕاء زۆرە گۆشتی بخۆن، نەیفەرمووە ئەوەندە پارەی بینن بیدەنە فلانی تیجارەتی پێ بکا، ئەڕباح ئینتاجکاو ئەڕباحەکانیش تەوزیع کەین موحتاجمان هەیە، نەء ئەحوەجی لە ناو مەدینە ئۆکسجین بوو جارێ، ئەمری کرد دار بچینن، عیلمەن پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لۆی دانایە، لۆیە کردیتییە عەمەل شەعبی جموعی صەحابە هەمووی موشاریك بوو لەگەریان، خۆشی بە پێشیان کەتییە، خۆی دار خورمایەکانی چاند، صەڕفی میاهـ ئاوی پیس پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) هەمووی مەجاری لەبۆ دانا، یەعنی کأنە عەقلی رسول الله (صلی الله علیە وسلم) صیاغە کرابی لە مستەوای سونەنی طوببی کەونی کە ئەورۆ علومی طوببی تازە دەیگاتێ، نەك کأنە ئیننەما موطابەقەتەن.

مەثەلەن بەسیطترین شت فەرمووی هەرچی موسڵمانە صەحابییە دەبی حەفتەی جارەك سەری بشوا، چونکی ناو جادەکانی مەدینە کە چووینێ کەرپوچ بەند نەکرا بوو، پاشان پێشیانی کرد، جادەکانی

مەدینەی هەمووی وەکو قیرتاوی لێ کرد پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، تۆز هەردەستا نەفەر زۆرە، ئەو تۆزەی میکرۆباتی تەنەقول دەکا، میکرۆبات لەسەر جسمیان دەنیشی، پرچ و بەدەن هەمووی تووشی ئائەو حالەتەی دەبی، یەکسەر دەبی صەحابە خۆی بشوا، نینۆك کردن، نەوەك میکرۆب تەنەققول ببی، ئەوە هەمووی تەقنینی صحی پێغەمبەر بوو (صلی الله علیه وسلم) لە ناو مەدینە.

ماعەدای وەی ئەبعادی ئیجتیماعی بەشەری، گەنجە صەحابییە، موهاجیرە، ئیمانی نەگەیشتیتە ئەو مستەوایە، لە مەککە هیجرەتی کردییە هاتتە ناو مەدینە، مەدینەییش کچەکانیان جوان بوون، جارێ ئایەتی حیجابیش فەرز نەکرایە لەسەریان، ئیختیلاط هەیە لە بازاڕ، ئافرەت و کچ دێ و دەچی، گەنجە موحتەمەلە تووشی گوناهـ ببی، یەکسەر بیت المال تەقطیعی کرد مەجموعە گەنج ژنی پێ بینن، ماعەدای وەش یەکسەر خانی لۆ دروست کردن، هەر ئەو وەختی ناوی نرا(بیت العزاب)، ئەوانەی ئیختیلاط نەکەن لەگەر موجتەمەعی عەوائیل، لە مزگەفت لەبۆ ماڵی خۆیان، لە ماڵی خۆیان لەبۆ مزگەفت، ئیختیلاط دروست نەبی، ئیحتیکاك دورست نەبی، لەو ئیحتیکاکەی شەیطان ئیش دەکا، جێی نووستنی ئەو مەجموعانە.

ئەوە هەمووی ئەو ئیمانە ڕەببانییە کە: (آمن الرسول بما أنزل إليه من ربه والمؤمنون) (البقرة٢٨٥) ئەو حالەتەی دروست دەکا، ئەگەر رب العالمین جل جلاله خۆی هیدایەتی ئەو خورمایەی بدا ئەتوو دەبی بە ڕۆژ ئۆکسجینی ئینتاج بکەی لەبەر صەحابە، هیدایەتی ئەو خورمایە بدا بەو نەوعەی لەبۆ مەصلەحەتی ئەهلی ئیمان و جموعی ئینسان و بەشەرییەت و حەیوان، وە هیدایەتی هەموو تەفاعولاتی فیزیاویی ئەو هەموو کەونەی بدا بە موغناطیسییەت و بە شەو و ڕۆژ دروستکردن، وە هیدایەتی عەمەلیاتی کیمیاویی و فیزیائی ناو بەدەنی ئینسان بدا هەموو لەحظەك، کو هیدایەتی ئەو جموعە ئەتقیا و ئەنقیایە نادا کە فیعلەن مومەثیلی وینە لەسەر کوڕەی ئەرز.

لۆیێ لە قورئان ئەو هەموو شتانە بە ئایەت هاتییە ناوی، ئایەت یەعنی قابیلی تیکرارە ئیعادە ببتەوە، یەعنی چ؟ یەعنی ئەگەر هاتوو هەر وەقتەك جەمعەك پەیا ببی، بەو نەوعەی ئیمان وەربگری کە خودا ویستیتی، هەرچی لەبۆ پێغەمبەر و پێغەمبەرەکانیتکە کرایە لەناو قورئان لۆ وی ئیعادە دەبی ئەو نەفەرە ئەو جەمعانە، لۆیێ لە قورئان ئەوانە بە ئیعجاز نەهاتییە، حەیاتی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) ئیعجاز نییە ئایاتە، (ومن آياته) (الشورى ٣٢) یەعنی (قابل للتكرار)ە، ئەها: (ومن آياته خلق السماوات والأرض واختلاف ألسنتكم وألوانكم) (الروم ٢٢)، ئەوە لایەزال موستەمیرە ئەوە، کابرای ئەفریقی هەر ڕەشە، کابرای ئەوڕوپی سپییە، ئەوە ئایەتە دەمێنێ هەتا ڕۆژی قیامەت، (ومن آياته) ڕۆژ دەرهینان، ڕۆژ هەراتن هەر دەبی لە ڕۆژ هەراتێ، ئاوا ببی لە غوروب لە ڕۆژ ئاوا

بوونێ، ئەوە ئایەتە تیکراڕ دەبی، نەفسی حالی ئیمان نەفسی حالەت دروست دەکا، بەس فیعلەن ئیمانەکە بە عەینی کەمم و نەوعی ئیمانی صەحابەی بی، لۆیێ لە قورئان ئەو هەموو شتانە بە ئایات ناوی هاتییە، یەعنی قابل للتکرار ئەمما وفقی مواصەفاتی کە قورئان ئەو نەوعی دروست کردییە دیسان ئەو نەوعە تیکراڕ ببتەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەر ئەو جموعە بەو نەوعەی ڕاییبوارد.

ئەمما باشە لە مەدینە بەس هەر ئەوەندە هەیە؟ حیسابی ئیجتیماعییات و حیسابی صحە و نووستن و راحەت و ریاضە و.... الی اخرە؟ مەوضوعەکە دوور و درێژە، نەء ئیدیکەش هەیە، ئەو عەقلە ئیمانەی کە لە ئیمانەکەی هەڵقورایەتەفکیریتکەی دەداتێ ئەبعادیتکەی لەبۆ دروست دەکا، ئەویش چییە ؟ دەبی دیراسەی ناو مەدینەی هەموو بکا، تەماشای قەوائیم دەکا لەناو مەدینەی جموعیتکە مەوجودە طائیفەکیتکە لە موئمینین کەمترن ئەمما عەدەدیان ئەویش جولەکە (الیهود).

چار دەرس پێشی ئێستا بەحسی یەهودمان کرد بالتفصل، یەهود لەناو مەدینە، دیسان ئیعادەکی سەریع، سێ فیئە بوون قەبیلە بوون، بەنو قەینوقاع حەفت سەد و پەنجا پیاون قەراتیان هەیە، قەلعە لە خاریجی مەدینە، بەنی قورەیظە شەش سەد و قسور پیاون قەراتیان هەیە لەناو مەدینەی، بەنو نەظیر پێنج سەد وپەنجا پیاون قەراتیان هەیە لەناو مەدینەی، هەر ئەوەندەنە یەهود، ئەمما لۆ قەڵاتیان هەیە؟ ئەها هەموو لە قسەکان قەراتیان هەیە، لۆ؟ لۆوەی ئیحتیکاك نەکەن لەگەر موجتەمەعی عەڕەب، ئەوان موهەیمن بن، دائیمەن قەڵات برندە، قەڵات لە جێی برند دەکرێ، حەتا بە چاویش، بە ژیانیش، بە ژیانی ڕۆژانەش ئەوان خۆیان چونکی موستەکبیر و موستەعلینە خۆیان بە برندتر ببینن لە بەشەریتکە، لۆیە قیلاعیان هەبوو ماعەدای مەقاصیدی عەسکری موستەقبەلیش، ئەگەر شەڕ بوو بەینی یەهود و بەینی عەڕەب قەڵاتیان هەیە ئەوان، عەڕەب ناتانی بگاتێ، لێی بدا، دەرکەی هەیە، حدودی هەیە، ئەسواڕی هەیە، حیمایەی هەیە، ئەوە یەهود.

طەبیعەی یەهودی بە موختەصەر طەبیعەتەکی ذەکی، ئیدراك، صاحێب عەقل و فەهم، هەر وەقتەکی بیەوێ ئیستیغلالی بیئەی خۆی بکا بەو حالەتەی کە خۆی دەیەوێ، بەو نەوعییەتەی کە خۆی دەیەوێ، وە نەشهێلی غەیر ئیستیفادەی لێ بکا، دائیمەن بتانی ئیستیغلالی موقابیل بکا، مەثەلەن: هەر لە یەهود دیراسە بکەی لە ئەثنای مەدینەی وە نەفسی موطابەقە ئێستاش هەیە ئەمما بە حەجمەکی گەورەتر، بە ذەکاء و دەهائەکی زیاتر، نەفسی شت هەیە مەثەلەن یەهود لە مەدینە هەرچی پارە هەبوو لە بن دەستیان بوو، تیجارات هەمووی لە بن دەستی یەهود بوو، ماعەدای وەی مەنجەمی زێر هەبوو یەعنی جێی مەنجەمی پێدەرێن، ئەشکەفتی کە زێری لێ دەردەچی، ئەشکەفتی کە خەڵوزی لێ دەردەچی، ئەوەی کە زێری لێ دەردەچی لە جنوب ئەفریقیا عاصیمەی جمهورییەتەکە لە جنوب

ئەفریقیا گەورەترین مەناجمی زێر لەوێ هەیە، بیرەکانی زێر لەوێ هەنە، لەگەر ڕوسیا مەنطیقەی سیبیریا، باوەڕ بکەن ئێساش لایەزالیش یەهود شەریکاتی بیرە زێرەکانی جنوب ئەفریقیا و روسیا لەبن دەستیانە لایەزالیش، ئەو وەقتیش حەتا ئیشی زێرینگری یەهود کردیتی، لۆ؟ لۆوەی دائیمەن پارە لە بن دەستی بی، پارە عەصەبی حەیاتە، بربڕەی پشتی ژیانە، کەینێ ویستی قەطع کا، کە قەطعی کرد ئینسان ماددەی لە دەست نەما چی پێ ناکڕێ و پێی نافرۆشێ، قوتی یەومیشی نامینێ، ئێذەن یەهود تانی فیعلەن سەیطرەی ئیقتیصادی بکا لەسەر هەموو عەرەبەکانی ئەو مەنطیقەی، ئەوە صیفەی تیجارەی ماددی..

هەرچی ئەسلیحە هەیە مەعامیلی ئەسلیحە لایەزالیش لە بن دەستی یەهودە، ئەو وەقتیش لەبن دەستی یەهود بوو، عەدەدیشیان ئەوەندە بوو، عیلمەن عەرەبەکانی ئەوس و خەزرەج زۆر زۆر عەدەدیان لەوان زیاتر بوو ئەمما یەهود موتەحەکیم بوون، لۆ؟ کە کەینێ فیتەنیان دروست کرد مەشاکیلیان دروست کرد، فیتنەکە گەیشتە مستەوای تەصفیەی جەسەدی، یەکتری لەناو ببەن، عەرەبەکان براکوژی بکەن سیلاحیان پێ دەوێ، یەهود سیلاحیان دەداتێ، باشە بە هەدیە دەیان داتێ؟ نەخێر نەشی دەفرۆشتنێ، بە قەرد دەیدا، بە کرێ، لۆ نەیان دەفرۆشتنێ؟ چونکی نەوەك بەشەرە سبەی دوو سبەی عەرەب عەقلی بۆوە سیلاحەکەی ئیستیعمال بکا ضددی وی، سیلاحەکەی دەدایێ، فیتنەکەی دروست کردییە، عەرەبەکە برای خۆی دەکوشت پاشانیش کرێیەکەی لێوەردەگرت، ئەوها ذەکی بوون ئەوهاش ذەکینە.

تیجارەت، کڕین و فرۆشتن، ئیستیراد و تەصدیر لە گەنم و جۆ و لۆکە و خورما و ئەو شتانەی کە لەناو مەدینە ئینتاج دەکرێ، تەصدیری لەبۆ شام و یەمەن و حەبەشە جوو دەیکرد، موصەددرین هەموو ئەوان بوون چونکی لۆ؟ پارە زۆرەکە لە بن دەستی وان بوو، کابرای عەرەب ئینتاجی خورمای کردییە مەجبور دەبی بیفرۆشتە سایلۆی جووەکەی نەخۆ تێك دەچی خورمایەکە، کە یەهودییەکە لێشی دەکڕی ئەو سعری لەبۆ دادەنا، موتەحەکیم بوو بە بازاڕ، گەنم کذلك، باشە هەر ئەو تیجارەتەیان دەکرد؟ نا، تیجارەتی ئارەقیشیان دەکرد، ئارەق، مەعامیلی ئارەق لەناو مەدینەی ئەوان دەیان کرد، باشە هەر ئەوەندە؟ نەء.

لەبەر ئەوەی زێڕ پارە لەبن دەستیانە، تیجارەت لەبن دەستیانە، عەرەبەکەشیان ئیستیغلال کردییە، عەرەبی دەورەمەندیش هەیە لەوێ لەگەری کلکیان لەگەری ڕەبط کردییە پێکەوە سوء ئیستیفادە لێك بکەن، ئەو عەرەبە دەورەمەندە ئیحتیاجی بە جێیەکی هەیە ئەو پارەی لێ دابنێ، لە کێندەرێ دەبی دابنێ؟ نەك لەکن عەرەبی برای خۆی لەکن جولەکەی دادەنا، لۆیە جولەکە بانقیشیان هەبوو لە مەدینە

.

باشه عامەی خەڵك طەبەقەی زۆری دەستی کورتبوو، تیجارەتی دەکرد زراعەتی دەکرد ئیحتیاجی بە پارە دەبوو، لە کێ قەرد بکا؟ برای عەڕەبەکەی نەی دەدایێ مەجبور دەچووە کن کابرای جوو چونکی ئەو دەورەمەندە پارەی پێیە، عەصەبی حەیات مادده لەکنەوییە، ئەو موسەیطرە لەسەر مەدینە ، بەرێ قەردی دەدایێ، ئەمما کو؟ بە ڕیبا، سەد دیناری دەدایێ لە زەرفی مانگەکی کە کابرا هینایەوە سەد و دە دیناری بداتێ، ئەگەر پێی نەکرا لەو مانگەی ئەدای بکا مانگی دادێ دەبتە سەد و بیست دینار، دەی سەبر سەبر وەی لێدەهات سەد دیناری قەرد وەرگرتییە دەبا هەزار دینار فائیزی بدات، ڕیبای بدا، باشە، ئەگەر پێی نەکرا بیدا مانگ بە مانگ زیاد دەبی پارەکە، کە پێی نەکرا بیدا دەیگۆت یان کوڕەکت یان کچەکت بمدێ بە عەبد بە دیل فائیزەکەی یان خۆت وەرە ببە عەبد، کچەکەی دەهینا، کوڕەکەی بهینابا دەیکردە عەبد لەبن دەستی خۆی، کچەکەشی بهینابا دەیبردە مەلهە، ئیذەن تیجارەتی جنس تیجارەتەکی رائج بوو لەبن دەستی یەهود، تەحەککومی پێ دەکرد، لەو لای عارەقی دەداتێ، پارەشی لێ سەحب دەکا، چشی هەبی بە قومار قومار خانەی هەیە بە قومار لێی سەحب دەکا لۆوەی زیاتر مەشغول بی بە جنس، عەینی خوشکی خۆیتی زینای پێدەکا هەر لە جنسی عەڕەبە، ئائەوە یەهود بوو، ئەوەش یەهودە لایەزال، هەر ئەو طەبیعەتەی هەیە.

لۆیێ تەمەشا بکەن ئەبسەط شت لەناوە مە ئەو سافیرانە کە مەوجودە، کیهانیان یەهودن؟ هەر جنسی خۆمانن، هەر قەبیلەی خۆمانن، خزم و ناسیاری خۆمانن، یەهود ئەوانەی کردە سافیرە، لۆیێ ئەمە پێوەیان موبتەلاینە، ئیمانی مە بە واسطەی خزم و ناسیاری خۆمان دادەبەزی، ئائەوە زیرەکییە، عەقلە، ئەمما عەقلەك شەیطانی، باشە ئەگەر عەڕەب تەبایی لە بەین دروست ببی چیان دەکرد؟ مەشاکیلیان دروست دەکرد، بەحسمان کرد لەسەر یەك حوشتر چل ساڵ خینی لەسەر رژایە، (حرب البسوس)ی پێ دەگوترێ لە تاریخی عەڕەبی مەوجودە، دوو حەیوان بیست و قسور سار دوو ئەسپ بیست و قسور ساڵ خینی لەسەر رژایە (الداحس والغبراء)، ئەوە تاریخە لەناو لوغەی عەڕەبی مەوجودە.

نەك هەر ئەوەندە، ئیجتیماعییەن تانیبوویان هەموو شەبەکات دروست کەن لەناو مەدینە، شەبەکات موتەنەوعە بە ناوی مەفهومی وەلاء، تەحالوفات لەگەر مەجامیع وە لەگەر نەفەر نەفەریش، لۆ چ؟ لۆوەی کابرای عەڕەب هەموو بە هەموو ناحیەك ببەسترێ، ئیجتیماعییەنیش ببەسترێ، مەثەلەن کابرای عەڕەب بەتەما بوو ژنی بینی، دەبا بچی بە وەستای خۆی برێ یەهود کە تەحالوفی لەگەر هەیە دەمەوێ فلان کچی بینم، ئەو موتەحەکیم بوو، ئا بینە یان مەینە، کە برێ نەینی نابی بینی، ئەگەر خوشکی خۆشی بە مێرد دابا دەبا هەر بەوی برێ، ئەوە حاڵی یەهود بوو پێشی وجودی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم)، پێشی ئیمان، باوەڕ بکەن ئەوە حالی مەیە، ئەمما بە نەوعەکیتکە،

هەمووومان بالنوع آخر بە نسبەکی موعەیەن نەفسی موعاناتمان هەیە، ئەمما بە نەوعەکیتکەیە ئی مە، ئەمما کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هات کە ئیمانی تەقدیم کرد عەرەب گۆرا، بوونە موئمین، نەفسی ناویان هەیە ئەمما نەفسی تەطەلوعات و قەناعەتیان نییە، باوەر بکەن هەتا خەلایەی بەدەنی ئینسانی دەگۆرێ بە ئیمان، طەبیعەتی بەشەری دەگۆرێ بە واسیطەی ئیمان، ئینسان نامینێ، ئینسان ئەحەططی دەرەجەیە لە قورئان، دەبتە موئمین، صیفەتەکیتکەیە، جنسەکیتکەیە ئەو موئمینە، لۆیێ عەرەب گۆرا.

ئیذەن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبی دیراسەی ئەو هەموو حالەتەی بکا، کو سەبر سەبر ئەوەی تەغیر پێ بکا؟ وە ئەو عەقلە جەبارە شەیطانییە کە یەهود هەیانە دەبێ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) حیسابی لەبۆ دابنێ، موحتەمەلە بەو عەقلە زیرەکیەی خۆیان بتانن فیعلەن سەبر سەبر بە طورقیتکە ئیستیجذابی پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) بکەن، ئەوها تەفکیرەیان هەبوو یەهود.

لۆیێ قەدیمەن کە شەر دەبوو بەینی یەهود و بەینی عەرەب، بەعضە موناوەشاتی خەفیف، دەیان گۆت راوەستن صەبر بگرن لەسەرمان کو پێغەمبەرەك دەردەچی لە مەککە دێ لێرە نیشتەجێ دەبی ئەمەش ئیمانی پێ دەینین ئەو وەقتی قورتان بەسەر وەکی قەتلی عاد و ئیرەم لەناوتان دەبەین، یەهود وەختی خۆی پێشی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەوەی بە عەرەب دەگۆ بە ئەوس و خەزرەج، ئیذەن عەقلی تەخطیطی و ئیستیشرافی موستەقبەلیشیان هەیە، دەبی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) عەن طەریقی هیدایەی رەببانی تەحەسوس بەوەی بکا، ئەوجە حیسابیان لەبۆ دابنێ، لۆیێ یەکسەر پاشی قەضییەی موئمینین عیلاج بوو ئیجتیماعەك و موئتەمەرەکی لەگەر یەهود بەست، زوعەمایان هەموو دەعوەت کرا، هەمووی دانیشتن، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەر جموعی خوڵەصی صەحابە یەهودیش لە موقابیل، هەرچی ئەوضاعی ئانیی وە موستەقبەلی لە هەموو ئەبعادی حەیات دیراسە کرا، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) مەوضوع طەرح دەکا ئەوان دەبی موناقەشەی بکەن، کە موناقەشە دەکرێ ئەوجە پاشان پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خطوط دابنێ وە حلول دابنێ وە ئەوانیش رازی کا، لۆیێ لە موئتەمەر مەجموعە بنودەك لەگەر یەهود داندرا.

یەکەم: ئەنگۆ ئوممەتەکن ئەمەش ئوممەتەکین، لەبەروەی ئەهلی کیتابن ئەنگۆ ئەمەش ئیمانمان بە کتابی حەقیقینگۆ هەیە وە ئەو کتابە رەسولەك هینایتی ناوی موسایە ئەمە لەنگۆ زیاتر ئیمانمان بەو رەسولەی هەیە لۆیە ئیحترامتان دەگرین، وفقی ئەو بنودانە یەکەمین تەعەدای دینی نییە، لەنگۆ نەفەر دەبتە موسوڵمان و موئمین قبوڵمانە، لەمەش ئەگەر هاتوو نەفەر بووە یەهودی ئەو وەقتی موناقەشەی لەسەر دەکەین، ئەمما نابی ئەنگۆ حیصاری دینی فیکری لەسەر قلوب دابنێن پاشی ئەخذ و بەدەل رازی بوون.

ئیقرار کرا لەسەر ئەو بەندەی، یەهود موستەفیدن موستەغیلی ئەوضاعی ئیقتیصادی مەدینەنە، لەو هەموو طورِوقانەی کە تازە بەحسم کرد، لەمەوپاش لەبەروەی موئمینین بوونە ئوممەك نابی یەهود هەرچی تیجارەتەکی ئیقتیصادی هەیە بێ موضارِەبەی لەسەر بکا، نەء، با ئەویش لۆ خۆی بازار لۆ خۆی پەیاکا، جوو لۆ خۆی بازارِی پەیاکا، کو موئمینینیش لۆ خۆیان بازارِ پەیا دەکەن، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بازارِی لەبۆ موئمینین دروست کرد بازارەکانی فەصل کرد، حەلال و حەرام نابی تێکەل بی، ڕیبای یەهود حەرامە نابی بێتە ناو تیجارەتی موئمینین.

ئیذەن ئائەو پارەیەی حەتا نەوعی پارەکەی کە تەداولی پێ دەکرێ دەبی بگۆرِێ، ئیختیلافی پێ ببی، ئیذەن نابی یەهود ئەو حالەتەش دروست بکا صەحابی گەنمی هینایە لە شام، یەهودیش لە سایلۆی خۆی گەنمی هەیە، لەبەر ئەوەی پارەیان هەیە قەضییەکەش دینە مەحاوەلە بکا فیعلەن سعری بازارِ بکەوینی لۆوەی موسوڵمانەکە زەرەرکا، ئەگەر هاتوو ئەوەشی کرد نابی گەنمەکە بهاوێشتە ناو بەحر لۆوەی سعرەکەی دابەزینی، نەء، دەبی بینی لەناو بازارِی موئمینین بیفرۆشی، ئیذەن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیقتیصادییەن موسەیطرِە.

ئیجتیماعییەن ئەنگۆ عیلاقاتی ئیجتیماعی خۆتان لۆ خۆتان ئەمما نابی لەمەوپاش تەحالوفات دورستکەن لەگەر موئمینین ئەنصارِ و موهاجرین، هەرچی کرا دەبی موئمین تەقریری خۆی ڕەفع کا لەبۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، چونکی ئەو وەلی ئەمرە، ئیذەن عیلاقاتی ئیجتیماعی قەطع بوو بەینی یەهود لەگەل جموعی موئمینین، کێ موهەیمنە لەمەوپاش رسول الله (صلی الله علیه وسلم)، ئیذەن کابرا حورِە خوشکی کێ دەینی خوشکی دەداتە کێ حورِە لەمەوپاش بەو نەوعە بنودانە، پاشان یەهود کە لەناو مەدینە و خاریجی مەدینەی مەوجودە هەرچی تەحالوفات ئەگەر کردی لەگەر خاریجی مەدینەی دەبی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێی بزانی، وە لەناو مەجلیسی وزەرای ڕیسالی موناقەشە بکرێ، ئیجماعی لەسەر کرا ئەو وەختی وەرەقە دەنێردرێ لەبۆ یەهود، بابە ئەمە ڕازینە تەحالوفەکەی بکەن ئەنگۆ، نەخۆ نابی بکرێ، ئیذەن سیاسییەنیش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) موسەیطرِە.

هەر وەقتەکی یەهود ویستی نەقل ببی لە مەنطیقەك لەبۆ مەنطیقەکیتکە بە عەدەدەکی هائیل دەبی ئیعلامی پێغەمبەر بکا، ئیذن نییە یەهود عەدەدی ضەخم یان پێنج سەد نەفەر یان لە پیاو، لە چەکدارە، لە سیلاحی بەقووەت فوجئەتەن دەرچن ببنە فیئەك لەگەر جموعیتکە دوژمنی جموعی موئمینین و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بێن ئەوجا شەرِ بکەن، هەر حەرِەکە و نەشاطیان لە سەد نەفەر زیاتر ببی دەبی ئیعلامی پێغەمبەر بکرێ، ئیذەن خرِوجی کەم وە دخولی کەم مەمنوعە لە سەریان، دینی خۆشیان لۆ خۆیان، مەعابدی خۆیان لۆ خۆیان، نوێژی خۆیان لۆ خۆیان، ئەمما نابی ئیثارەی

فیتەن بکەن، ئەوە هەمووی موناقەشە کرا، زوعەمائی یەهود هەمووی تەوقیعیان کرد، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیعلانی کرد، هەر وەختەکیش بەندی لە هەموویان موهیم تر ئەگەر هاتوو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) مەعرەکە و حەرب دروست بوو بەینی خۆی و بەینی جموعیتکە ئەوان دەبی تەئیدی پێغەمبەر بکەن، وە ئەگەر ئەوانیش مەشاکیلیان هەبی عەسکەری پێغەمبەر دێ تەضدی موشکیلەکەیان لەبۆ دەکا، حلولیان لەبۆ دادەنێ، ئەوە بە نسبەت جموعی موئمینین ئەوە لە هەموویان موهیم تر بوو، ئەبەو نەوعەی موشکیلەی یەهودیش حەل کرا.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دیسان عەقلی ئیمانی و ڕەببانی تەماشا دەکا فیئەیتکەش مەوجودە ماعەدای یەهود، طەبعەن طەوائیفی ڕەعایای غەیری یەهود لە مەسیحیین لە زەردەشت فورسەکان ئەوانەش مەوجود بوون، لە دروسیتکە بەحسمان کردییە، ئەوان کەم بوون پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) زۆر ئیهتیمامی نەدانێ، دینی خۆیان لۆ خۆیان، ضەرەریان نییە لەبۆ ئوممەی موئمینین.

ئەوەی ماتەبەقا ماوە موشریکین، جەمعەك هەنە جارێ ئیمانیان نەهینایە، یەثریبیشن، ئەهلی مەدینەنە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبی حسابی وانیش بکا، لۆ؟ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) موشریکینی قورەیش وەی کرد پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیخراج بکرێ و هیجرەت بکا لەبۆ مەدینە، وە جموعی صەحابەی موهاجرین هەر لەبەر ئیضطیهاد و موعاناتی قورەیشیین دەرچوون هاتنە ناو مەدینە، ئیذەن قورەیش لەوێ موشریکین ماینە، موشریکینیش لەناو مەدینەی ماینە موحتەمەلە یەکەمین لەبەر وەی خوایەکانیان یەکە هوبەل و لات و عوزا و مەنات و إلی آخره، ئەوانە لە ئەثنای چوونە حەج ببنە جسرەك، موشریکینی مەدینە ببنە جسرەك لەبۆ مەقاصید و مەئاریبی شەیطانی موشریکی مەککە، موحتەمەلە خطوط مائیل دروست کەن، موحتەمەلە ئەلغام بتەقینن، فیتەن دروست کەن، ئەو وەختی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبی حیسابیان بکا، لۆ؟ چونکی خەیطەك جسرەك مایە بەینی موشریکی مەککە و مەدینە، موحاوەلە بکا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) عیلاجی لەبۆ دابنێ.

ما عەدای وەی هات و چوونی قورەیش نزیك مەدینەیە، چونکی قورەیش تیجارەت دەکا لەگەر شام، کە بە شامدا دەچی لەبۆ شام دەچی بە مەدینەدا دەچی، نزیك مەدینە، موشریکی ناو مەدینە موحتەمەلە سوء ئیستیفادە لەوان بکا عەن طەریقی ئەخذ و عەطاء، کڕین و فرۆشتن موشریکینی ناو مەککە دەعمی موشریکینی مەدینە بکەن، کە دەعم کرا ئەوانە تەضەخوم دەکەن ئیقتیصادییەن، موحتەمەلە عەن طەریقی پارە نفوس بکڕن، شت پەیا بکەن، فیتەن و مەشاکیل بەرێی پارە نفوسی ضەعیفە بکڕێ، ئیذەن موشکیلە هەر مەوجودە، وەك مەشاکیلیتکەش.. زۆریتکە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبی هەویەی وانیش تەحدید کا، لۆیێ لەگەر وانیش لیقائات کرا، دائیمە ڕیعایەتی دەکردن،

مەجالی دەدانێ لۆوەی فیعلەن هەرچی ئیجابیات هەیە لەو ئیسلامەی ببینن بەشکو رب العالمین هیدایەتیان داو ببنە جموعی موئمینین.

ئەوە ناو مەدینە، جموعی موئمینین، جموعی یەهود، جالیاتیتکە گچکە بوون بەحسمان کردینە، جموعی موشریکین، ئەوە هەمووی ناو داخیلی مەدینە باشە ئەدی خاریجی مەدینە، لە خاریجی مەدینەش دوژمن مەوجودە نزیکترین دوژمن قورەیشە، یازدە ساڵە ئەزیەتی پێغەمبەر و ئەهلی ئیمان دەدا، موعاناتی هەیە دەبی حیسابیان لەبۆ بکا، لۆیێ هەر کە پێنج شەش مانگ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) مەوجود بوو بەرقییەك هات لە قوواتی فیکری و عەسکەری مەککە، لەبۆ کێ؟ لەبۆ رەفیقی خۆیان عبدالله بن ئوبەی بن سەلول کە موشریك بوو جارێ نەببووە موناڤیق، بەرقییەکە دەرێ: (لا یغرنکم أنکم أفلتمونا إلی یثریب)، وا مەزانن ئەمە خۆمان غەشیم کردییە ئیهمالمان کردینە ئەنگۆ فیعلەن تانیتان خزم و ناسیارەکانی مەککە کە دوژمنمان بوون لێرە لەناو مەککەی ئەنگۆ ئیفلاتیان بکەن و بیانبەن بیانگەیننە مەدینە لەمە قوتاریان کەن، وەمەزانن ئەمە ناتان گەینێ بەس قیچەك صەبرو هەبی، (سنأتیکم سنستئصلکم ونبید خضرائکم فی عقري دارکم)، هەر خۆتان بگرن بزانن کو دێین چتان لێدەکەین، فیعلەن عبدالله بن ئوبەی بن سەلول بووە موشکیلە لێی.

مەجموعە موشریکەکانی ناو مەدینە هەمووی جەمع کرد، لۆی خیندن، ئەها بەرقییە هاتییە ئەوهامان لێ دەکەن، قوڕ بە سەرینە ئەوهامان لێدەکەن، موشریك ئەوهایە و مەککەیی ئەوهانە و سیلاح و ئیتکە و ئەمە لۆ خۆمان تووشی موشکیلە کرد، ئەمە لۆ وەمان کرد، لۆ فلانانەمان هینا لەکنە خۆ ئەوانەمان کردە برا، یەکسەر فیعلەن مەجموعە بوسەطائی موسڵمانی مەدینە گێی لە مەوضوع بوو چووە ناو دری، عەقڵی گرتییە قەضییەیە، دەی باشە چ بکەین؟ والله بچین موئمینەکان دەرکەین، یەکسەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە مەوضوعی زانی چووە ناویان، مەجموعە صەحابەیتکە هەر لە ئەنصاڕی لەگەر خۆی برد سەعد بن عەبادە و سەعد بن موعاذ و ئەوانە کە قەریب و روئەسا بوون ئەوانە، روئەسائی قەبائیلی خۆیان بوون، بابە ئەنگۆ لەچ دەترسێن، ئائەوەی قوڕەیش بەتەما بوو تەهدیدتانی دەکرد ئەنگۆ خۆتان بەتەمانە ئێستا بیکەن، (عبدالله)ی ئاخر شەڕ ئەتوو ئەگەر شیرت هەرگرتییە هەر لە ضددی برای خۆت و کوڕەمام و برازا و ئامۆزای خۆت شیرت هەرگرتییە ئەلعانێ، ئەوەی مەککەیی دەیویست بیکا خۆ ئەتو ئێستا دەیکەی، بە عاطیفە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) قسەی لەگەر کرد، عەقڵی گرتی، والله خۆ راست دەکا ئەنصاڕییەکان هەموو خزمی خۆم نینە؟ یەعنی ئەگەر ئەمن شەڕی بکەم و ئەنصاڕی عەقدی دایە لەگەر موهاجرەکەی برایە، لە یەك صەف ڕادەوەستی، ئەوان خۆیان و موشریکەکان ئەقەلییەنە، موئمینەکان ئەکثەرییەنە، ئیذەن ئەگەر هات بووە شەڕ فیعلەن بووە تەصفییەی حیساباتیش حەتمەن مەجموعە ئەنصاڕییەك بە

بەردەکەوی، ئەنصارییەکان کێنە؟ هەر خزم وناسیاری (عبدالله)ینە، لۆیێ مەجبور دیسان هەموو شیرەکانیان داناوە، ئیذەن قورەیش خطورەتی مایە، دەبی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) حیسابی لەبۆ بکا، خطورەتەکە لە کێیە کەمینەکە، لوغمەکە لەکێندەرێیە؟ بە واسطەی موشریکینی ناو مەدینە، لۆیە لە رەئسی قائیمەی دانا کو علاجی کا؟

ئەوە مەککە، باشە ئەدی دەوروبەری جەزیرەی عەرەبی، قەبائیل زۆرن، هەموو خۆیان لە ماریَ نایە فیعلەن فورصەتیان ببی هەلی قۆزنەوە، محمد دەولەتی دروست کرد، دەولەی ئیمان، ئەوانە رازی نینە، ئەوانە هەمووی موشریکن، ئیذەن دەولە داخیل دەولەیە، دین لەناو دینە، لەناو دینی موشریکی قورەیش دینەکیتکە هاتییە، فیتەن و مەشاکیل دروست دەبی، ئیذەن ئەوانیش هەر دوژمنن دەبی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) حیسابیان لەبۆ بکا.

ماعەدای وان دەوائیرەکان بازنەکان گەورەتر کەین رۆم هەر لە مەرحەلەی یەکەمی دەعوە، ریسالەی محمد (صلی الله علیه وسلم) ئەبوسوفیان سەفرەکی عەمەل، ئی سیاسی کرد لەبۆ رۆم، لۆوەی عەدائی رۆم و مەسئولینی رۆم و بالذات هەرقەل پەیدابکا دروست بکا بە نسبەت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، فیعلەن لیقاء دروست بوو بەینی هەرقەل زەعیمی رۆمی ئەو وەقتی، کلینتۆنی ئێستا لەگەر ئەبو سوفیان گەیشتەویَ، لە ئەثنای لیقائەکەی طەبعەن تەقاریر گەیشتیتە کن هەرقەلی، تەقاریری ئەمنی ئیستیخباراتی هەمووی خیندییە.

فیعلەن ئەو دینە بەو نەوعەیە، بەو مواصەفاتانەیە، لە موقابەلەی ئیجتیماعی سری بەینی هەردووکیان تانی ئەبوسوفیان بەعضە شت نەقل کا لەبۆ مێشکی هەرقەل عەدائەك دروست بکا، ئەمما لەبەرئەوەی هەرقەل خۆی موتەدەیین بوو، صاحێب کتاب بوو، لە کتابەکەی خۆی دەخینی پێغەمبەرەك پەیا دەبی لە جەزیرەی عەرەبی ئەوە سیفاتیتی، لۆیێ ویستی لیقائەکی عام دروست کا ئەبوسوفیان بیهێختە ناو حالەتەکی حەریج، ئەویش لە ئەثنای موقابەلەی عام مەکشوف مەجموعە سوئالەکی لە ئەبوسوفیان کرد، حەدیثەکە لە بوخاری مەوجودە لە صەحیح بوخاری، کە هەرقەل لە ئەبوسوفیان دەپرسی محمد پێشتریَ خزم و کەس و باب و باپیری مەلیك بووینە؟ ئەویش لە جوابەکەی دەریَ نەخێر، پێشتریَ کەسیان هەبووە ئیدیعای نبووەت بکات؟ دەریَ نەخێر، پێشتریَ هیچ درۆتان لێ دیتییە؟ نەخێر، بابی هەیە؟ نەخێر، باشە ئێستا جموعی ئەوەی تابیعینە ئەوەی ئیمانیان پێ هینایە لە زیاد بوونن یا لە کەم بوون؟ لە زیاد بوونە، ئەوەی بەدوی کەتییە دەورەمەندن یان فەقیرن؟